سەماحەتی حەکیم بۆ باڵیۆزی فەرنسی .. ناوچەکە و جیهانیش پێویستیان بە سەقامگیری عێراق هەیە و بە ئەزموون ئەوە سەلمێنراوە

لەڕۆژی دووشەممە بەرواری 4-3-2024 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لەگەڵ بەڕیز پاتریك دەرەل باڵیۆزی تازەی فەرەنسا لە بەغدا دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان بەغدا و پاریسی تاوتوێکرد، سەماحەتی هیوای خواست لەکارەکەی سەرکەوتوو بێت و دووپاتی کردەوە کە عێراق بەدۆخێکی سەقامگیر تێپەڕ دەبێت کە پێشتر بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەوەش پێویستی بەوەیە هەموو کار بکەن بۆ ئەوەی ئەو سەقامگیرییە بۆ هەمیشەیی بگۆڕدرێت جگە لەوەش ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانیش بەردەوام بێت، ڕوونیشکردەوە کە سەقامگیری عێراق گرنگە بۆ ئەوەی ناوچەکە سەقامگیر بێت و ئەوەش بە ئەزموون سەلمێنراوە.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە دەسەی هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بەکۆتا بهێنرێت و بچینە قۆناغی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان عیراق و هەندێك ولاتانی هاوپەیمانەتییەکە هەریەکە و بەجیا، هەروەها سەرکۆنەی جینۆساید و کوشتنی بەکۆمەڵی گەلی فەلەستینی کرد و داوای لە کۆمەڵگای نێودوڵەتی کرد کە بەرپرسیارێتی خۆیان بگرن ئەستۆ لەبەرامبەر ئەو کارە دوژمنکارانەی بەرنامە بۆ داڕێژراوە کە ڕووبەڕووی خەڵکی سڤیل و منداڵان و ژنان دەبێتەوە و بە ئامانج دەکرێن.